**وەزارەتی نـاوخـۆ**
**ژمارە: ١١٠٠٠ لە ٢٠٢١/٦/١**

پاڵپشـت بەو دەسـەڵاتەی کە پێمـان دراوە لە مـاددەی (٧) لە پەیـڕەوی ڕێکخسـتنی پاسـەوانی لە هەرێمـی کوردستان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١ و بە مەبەستی ڕێکخستنی کاری پاسەوانی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی ڕێکخستنی پاسەوانی لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):** هێنانەکایەی (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی) و ڕاستەوخۆ بە وەزیری ناوخۆ پەیوەست دەکرێت.

**ماددەی (٢):** پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی لەو بەش و هۆبانە پێك دێت کە لە پاشکۆی ژمارە (٣)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**ماددەی (٣):**

١- ئەفسەرێك دەست نیشان دەکرێت کە پلەی لە (عقید) کەمتر نەبێت و دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە.

٢- ئەفسەرێك وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەری کاروباری پاسەوانی دەست نیشان دەکرێت کە پلەی لە (مقدم) کەمتر نەبێت و دەرچووی کۆلیژی پۆلیس یان کۆلیژی سەربازی بێت.

٣- بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەری کاروباری پاسەوانی لە لایەن وەزیری ناوخۆ دەست نیشان دەکرێت کە بەپێی (٣) سێ (CV) بۆ هەر یەکێکیان پێشکەشی وەزیر دەکرێت.

**ماددەی (٤):** پێناسەی کاری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی و ئەرك و بەرپرسیارەتی بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و بەرپرسی بەشەکان لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ستاندەردی (ISO 9001:2015) دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٥):** بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاسەوانی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە سەرجەم میلاك و هەبووەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس دەترازێنرێن و پەیوەست دەکرێن بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی لە دوای دەست بەکاربوونی بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکەی لە باڵەخانەی تایبەت بەو بەڕێوەبەرایەتیە.

**ماددەی (٦):**

١- یەکە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاسەوانی لە یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) هەڵدەوەشێندرێتەوە و سەرجەم میلاك و هەبووەکانیان دەگوازرێنەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی.

٢- بەڕێوەبەرایەتی و یەکەکانی پاسەوانی لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن هەڵدەوەشێندرێتەوە و سەرجەم میلاك و هەبووەکانیان دەگوازرێنەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی.

٣- بڕگەی (١و٢)ی سەرەوە لە ماوەی (١٨٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

٤- لە دوای جێبەجێ کردنی بڕگەی (٣)ی سەرەوە هیچ لەو یەکە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی بڕگەی (١و٢)ی سەرەوە لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن و یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) بۆیان نیە پاسەوان دابنێن بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە پەیڕەوی ژمارە (١٢) دەیانگرێتەوە وهەر کەس و لایەنێکی تر

٥- یەکەیەکی ژمێریاری سەربەخۆ بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی دادەمەزرێت.

**ماددەی (٧):**

لیژنەیەك پێك دێت بە سەرۆکایەتی بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامێتی نوێنەرانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن و یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) و بەرێوەبەری پاسەوان و یاریدەدەرەکەی بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١- دەست نیشان کردنی ژمارەی پاسەوان بۆ دام و دەزگاکانی حکومەت بە ڕەچاوکردنی خشتەی (١و٢)ی پەیرەوی ژمارە (١٢).

٢- دەست نیشان کردنی ژمارەی پاسەوان بۆ بارەگا و کەسایەتیە حزبیەکان و ئەو بەرپرسانەی کە لە ژیاندا ماون و کۆچی دواییان کردووە یان شەهید بوون بە ڕەچاوکردنی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (٢)ی پەیڕەوی ژمارە (١٢).

٣- لیژنەی باڵا چەند لیژنەیەکی لاوەکی پێك دەهێنێت بەمەبەستی ئامادەکردنی لیستی پاسەوانانی بەپێی ئەو فۆرمەی کە لە پاشکۆی (٤)ی ئەم رێنماییە دیاری کراوە.

٤- پێویستە لیژنەی باڵا لە ماوەی (١٢٠) رۆژ لە بەرکاربوونی ئەم رێنماییە کارەکانی کۆتایی بێنێت و بەراپۆرتێك بەرزی بکات بۆ وەزیری ناوخۆ بە مەبەستی پەسەندکردنی.

٥- لیژنەی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەری کاروباری پاسەوانی و یاریدەدەرەکەی پاکسازی لە لیستی پاسەوانی بەرپرسان کە لە خشتەی (١ و ٢)ی ئەم رێنماییە دیاری کراوە ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٨):**

١- ئەو پاسەوانەی کە زیاد دەبن دوای پاکسازی لە لیستی پاسەوانان دەگەرێنرێنەوە بۆ سەر میلاکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ڕاژەکانیان.

٢- ئەو پاسەوانەی کە زیاد دەبن دوای پاکسازی لە لیستی پاسەوانان لە وەزارەتی پێشمەرگە لە یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) دەگەرێنەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە لە یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ڕاژەیان.

**ماددەی (٩):** وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە گۆرانکاری بکات لە خشتەی ژمارەی (١ و ٢)ی پاشکۆی ئەم رێنماییە بەپێی پێویست.

**ماددەی (١٠):** پێویستە بەرێوەبەرایەتی کاروباری پاسەوانی پێگیر بن بە پەیڕەوی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١ و ئەم رێنماییە.

**ماددەی (١١):** ئەم رێنماییە لە رۆژی بەرکاربوونی پەیرەوەی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١ جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**